کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-12-2006 17:16 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# کتێبخانەکەی قازی محەمەد 1246کتێبی تێدایە! ... هەڤپەیڤین تامان شاکر



!*بەرێز عەلی قازی دەکرێ باسی ئەو کتێبخانەی پێشەوا قازی بکەیت، کە دوای ساڵانێکی زۆر ئێستا هێنراوەتەوە باشووری کوردستان؟

هەروەك ئێوە دەزانن یان بیستووتانە بنەماڵەی پێشەوا بنەماڵەیەکی ئاینی بوون، هەر لە کۆنەوە سەریان لەگەڵ کتێب و کتێبداریدا هەبووە، بۆ ئەوەی بتوانین لە بواری قەزایدا بیرو باوەری باش دەربخەن، دەبوایە سەرچاوەیان هەبێت دیارە پێویستیان بە کتێب هەبووە.

ئەو کتێبخانەی کە لە باوکمەوە بەجێماوە هی باوباپیرانم بووە.

ئەو کتێبخانەیە چەندین جار لەلایەن ڕژێمی داگیرکەری ئێران هێرشی کراوەتە سەر و تاڵان کراوە کتێبی لێدزراوە، کۆماری ئیسلامی ئێران دەیویست بیبات، ئێمە توانیمان پێش بەمە بگرین. بەشێکی بشارینەوە، زۆر جار ئەو کتێبانەی کەخۆیان دەیانەویست پێیان باش و گرانبەهابووایە دەیانبرد، ئێمە خۆمان 16 قورئانی دەستنووسمان لە کتێبخانەکەی باوکمدا هەبوو، من بردم بۆ تاران بۆ لای دایکم، ئەو سەردەمە دایکم خانوویەکی بچووکی هەبوولەوێ، پاسدار پێیزانی و بردیان زۆر جێگای داخە، چونکە یەکێك لەو قورئانانە دەسخەتی یەکێك لە باپیرەکانی من بوو، کە نێوی قازی مەحموود بووە، دەڵێن خەتێکی زۆر جوانی هەبووەو بەناوبانگ بووە لە کاتی خۆیدا بە خۆشنووسی، تەنانەت شاعیرێکی فارس شعرێکی دەرهەق قازی مەحموودی سابلاغی وتووە و باسی لە کارامەیی وتوانای ئەو کردووە، بۆیە دەتوانم بڵێم بەبنەماڵە بایەخمان بە کتێب و زانست داوە.

ئەو گەڕەکەی کە ماڵەکەی ئێمە لێبوو لە مهاباد رووخاوە، ماوەیەکیش چۆڵ بووە زۆر جار لە لایەن حکومەتەوە، یان لە لایەن خەڵکی دزەوە وێران کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا 1246کتێبی تێدا بە جێماوە شتێکی زۆرسەرنجراکێش ئەوەیە سەرەڕای ئەوەش دەوڵەتی ئێران ئەو کتێبخانەی پشکنیووە، بەڵام نەیانتوانیووە ئەو بەڵگە مێژووییانە کە لە نێو دوو توێی کتێبەکاندا هەبووە بیاندۆزێتەوە، لە ناو یەکێك لەو کتێبانەی بە ناوی (اکراد فی سوریا ولوبنان) ئاڵایەکی کوردستان تێدا بووە لەگەڵ وێنەیەکی جگەر خوێن مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1945 کە ناجی سەبری ناوێك لە کۆیەوە بە دیاری بۆ کۆمەڵەی ژ ی ك ناردووە کە ئەمرۆ ئێمە لە هەموو پارچەکانی کوردستان قبووڵمان کردووە، یەکێکە لەو هێمایانەی کە هەمووومانی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە.

!*باشە ئەم کتێبانە لە باشووری کوردستان لە کوێن و بە نیازن چی لێبکەن؟

دەڵێن حکومەتی کوردستان بە نیازە و دەیەوێ کتێبخانەیەکی میللی دروست بکات، ئەو کتێبخانەیە دەکرێ بە چەند بەشێك، بەشێکی تەرخاندەکرێت بۆ کتێبەکانی شێخ سەلام بارزانی، شێخ مەحموودو بارزانی ئەمرو پێشەوا قازی واتە ئەو کتێبخانەیە دەکەوێتە بەردەستی خوێنەرانی کورد بۆ ئەوەی سوودی لێوەر بگرن، دەنێو ئەو کتێبانەشدا 600 کتێبی دەسنووس و دوو سندووقی زۆر گەورەش لاپەڕەو دەسنووسی تێدایە ئەگەر لە لایەن پسپۆرانەوە کاری لەسەر بکرێت پێم وایە زۆر شت لە بارەی مێژووی کوردەوە روون دەبێتەوە، ئەوەی گرنگیشە ئەم نووسراوانە لە لایەن زانایانی کوردەوە نوسراون و یادگارێکی کۆنی وڵاتەکەمانن کە بە جێماوە ئەڵبەتە ئەو کتێبخانە ئەگەر بێتوو ئەورۆ لە رووی قیمەتەوە سەیری بکەین، هەرچەندە من قەت چاوم لەوە نەبووە ئەو کتێبانە بفرۆشم بیکەم بە پارە، هەمیشە بروام وابوو ئەو یادگارییەی پێشەوا قازی محمەد



بخەمە بەردەستی خوێنەران پێشەوا پەیوەندیەکی قوڵی دەگەڵ کتێبدا هەبووە، بە بیرم دێ بە منداڵی باوکم بۆ هەرجێگەیەك دەچوو منی دەبرد، کە دەچووینە تەورێز یان تاران یەکەم شوێنی کە پێشەوا سەری پێدا دەگرت کتێبخانە بوو، بۆ ئەوەی بزانی کتێبی تازەو چاك چی دەرکەوتووە و تا بیکڕێ بۆ کتێبخانەکەی خۆی، هەروەك ئامازەم پێکرد ئەو کتێبانە زۆریان لێدزراوە، بەڵام ئەو برادەرەی کتێبەکانی کۆکردۆتەوە هێناویتیە بۆ ئێرە مامۆستایەکی رۆشنبیری کوردە، زۆر ماندوو بووە بەو کارەوە، من سوپاسی دەکەم.

*ئایا حیزبی دیموکرات خۆی بە خاوەنی ئەو کتێبخانەیە نازانی؟

ئەوە شتێکی تایبەتە بە بنەماڵەی ئێمەو، مافی منە وەك کوڕی پێشەوا و پەیوەندی بە حیزبەوە نییە تا خۆیان بە ساحێبی ئەو کتێبانە بزانن.

*حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بوون بە دوو باڵەوە، باڵی موستەفای هیجری و باڵی عەبدوڵای حەسەن زادە، ئێوە هەوڵتان نەداوە بۆ ئاشتکردنەوەیان؟

من زۆر جار هەوڵم داوە رێکیان خەمەوە، تەنانەت من لە ئەڵمانیاوە 3 جار سەفەرم کرد بۆ ئێرە و لە گەڵیاندا دانیشتم بەشدار بووم لە هەوڵدان بۆ ئاشتکردنەوەی هەردوو باڵەکە و یەکگرتنەوەیان، ئێستاش کە ئەوان ناکۆکییان هەیە، من چووم بۆ لایان تکام لێکردن و لە بەریان پارامەوە بۆ خاتری قەبری پێشەوا لێکجیا نەبنەوە، بە یەکەوە بمێننەوە ئەوانیش وتیان ئێمە دانیشتن و دانووساندمان هەیە بەڵێن دەدەین هەوڵی چارەسەری کێشەکانمان بکەین من بەو پەڕی دڵخۆشیەوە کۆبوونەوەکەم

بەجێهشت، بەڵام بەداخەوە حیزبی دیموکراتی ئێران بوو بە دوو پارچە، بڕوام وایە تاکە کەسێك کە لەو نێوەدا سوودمەند بێت دوژمنانی گەلی کوردن.

خەڵکی کوردستان دڵگرانن بەو ناکۆکی و جیابوونەوە، خەڵك زۆر تووڕەیە ئێمە سایتێکمان هەیە بەناوی کۆماری کوردستان زۆر نامەو ئیمەیلمان بۆ هاتووە. پڕە لە نائومێدی و ناڕەزایی خەڵك بەڵام سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە ئەو شتانە بڵاونەکەینەوە نامانەوی قسەی ناخۆش و ناشیرین بەکەس بوترێ، خەڵك حەقیەتی، ئەمرۆ ئێمە لە حاڵەتێکدا ین جیابوونەوە بە قازانجمان نییە باشتر بڵێم ئەمرۆ ڕۆژی یەکبوونە نەك جیابوونەوە.

دەبوایە ئێستا ئێمە بەرەیەکی کوردستانی تۆکمەو بەهێزمان هەبووایە بمان توانیبایە ڕێبەرایەتی ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین.

لە لایەنی خۆمەوە من زۆر هەوڵمداوە بۆ پێکهێنانی ئەو بەرەیە دەمویست بانگهێشتنی هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم، بۆ ئەوەی هەموو بەشدار بن و باس لە پێکهێنانی ئەو بەرەیە بکەین، هەندێکیان ڕازی بوون و هەندێکیان وتیان لە ناوخۆماندا تاوتویی دەکەین و بەرسڤت دەدەینەوە بەداخەوە ئەوجیابوونەوە خوریەکەی من ڕستبووم لێیان خاوکردمەوە.

*پێت وانییە دەستێکی دەرەکی لە پشت بێت؟

ئەو برادەرانەی لە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات کار دەکەن، ئەوەندەی من دەیان ناسم سەر بە هیچ لایەنێك نین و کەسانی خەباتکارن، قەت نەبوون بە داردەستی ڕژێمی ئیسلامی ئێران. دەکرێ لە ڕێگای غەیرە موستەقیم ئێران دەستی هەبووبێ بەڵام نەیتوانیووە کاریگەری لە سەر ئەوان هەبووبێ چونکە ئەوان جمهووری ئیسلامی بە دوژمنی خۆیان دەزانن، نابن بە داردەستی دوژمنەکەیان.

*عەلی قازی وەك کوری پێشەوا، کاتێك دەبێتە سەرۆکی پارتی ئازادی کوردستان، پرسیاری زۆری لای خەڵك دروست کرد؟بۆ نەچوویتە ڕیزی ئەو حیزبەی باوکت دروستی کرد و تا ئەمرۆش لە خەباتدا بەردەوامە؟

من هەمیشە ڕێزێکی تایبەیم هەیە بۆ حیزبی دیموکراتی ئێران و پەیوەندیەکی برایانەم لەگەڵیاندا هەیە، سەبارەت بە ئەندام بوونم لە یەکێتی شۆرشگێران و دواتر وەك سەرۆکی پارتی ئازادی کوردستان دوای بیرکردنەوەو دیراسەی زۆر بوو، ئەوەش کە منی هاندا بێمە ڕیزی ئەو حیزبە پەیرەو پرۆگرامی پارتی ئازادی کوردستان بوو، کە پێم وایە و دڵنیام وەڵامی داخوازییەکانی گەلی کورد دەداتەوە، ئەگەر سەیری حیزبەکانی کوردستان بکەین هەریەك پەیرەو پرۆگرامێکی لە پێش خۆی داناوە بەشی زۆریشیان لەم هەل و مەرجەدا داوای فیدرالی دەکەن لە داگیرکەرانی کوردستان، بەڵام کاتێك گوێ لە ڕاگەیاندنەکانیان دەگرین، بە ووردی سەرنج دەدەین لە نێو خەتە ڕەسمیەکانی ئەوان، ئەوەی بڵاوی دەکەنەوە هەموو داخوازی گەلی کوردی تێدایە بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، هەموو دەیانەوێ کوردستان ئازاد بێت، ئەمەش مافێکی ڕەوای کوردە بە گوێرەی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان، منیش ویستم حیزبێك هەڵبژێرم کە ئاوێنەی داخوازییەکانی گەلی کوردستان بێت، بە ڕاشکاوانە باس لە سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی نەتەوەیی بکات. چونکە خەڵکی کورد ئەوەی دەوێت پارتی ئازادیش وەك لە ڕاگەیاندراوەکانیدا هاتووە لە ساڵی 1991 تاوەکو ئەمرۆ خوازیاری دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و سەربەخۆیی تەواوی کوردستانە، بۆیە شەرەفی ئەندامیەتیم لە پارتی ئازادی کوردستان قبووڵ کرد.